# هەڵسەنگاندنێکی سایکۆفۆنۆلۆژی بۆ کتێبی (ئەلفوبێی نوێ) ی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار
## لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەریی- شیکارییە

(PP 95 - 105)
**ID No. 1940**
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.3.6

**م.ي. ڕێبین خالد خضر (دڵکار)**
زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر- کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
rebin.khdir@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2017/12/26**
**پەسندکردن : 2018/01/16**
**بڵاوکردنەوە : 2018/05/15**

**پوختە**
ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنێکی سایکۆفۆنۆلۆژی بۆ کتێبی (ئەلفوبێی نوێ) ی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار) سنوری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دایە ، بۆیە نمونەی پێویست بە گوێرەی تەوەرەکانی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتەدا ، بە پێی ڕێبازی (بەرانبەری - شیکاری) شرۆڤەکراوە ، چونکە ئەم بەرهەمە وەکو پرۆگرامێکی فێرکردنی ئەلفوبێی زمانی کوردی لەگەڵ چەند پرۆگرامێکی تری ئەلفوبێی زمانی کوردی ، کە بەر لەو پرۆگرامە و پاش ئەم پرۆگرامە بە مەبەستی فێرکردنی ئەلفوبێی زمانی کوردی دانراون ، هەڵسەنگێنراوە . بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردۆتە سەر شەش تەوەرە : تەوەرەی یەکەم سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە ، تەوەرەی دووەم پوختەیەك لە مێژووی پرۆگرامی ئەلفوبێی زمانی کوردی خراوەتە ڕوو ، تەوەرەی سێیەم باس لە ڕۆڵی(باڵدار) لە پرۆگرامی ئەلفوبێی زمانی کوردیدا کراوە ، لە تەوەرەی چوارەمدا باس لە دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکانی زمانڕسکاندن کراوە و لە تەوەرەی پێنجەمدا چەند ڕەهەندێکی دەنگی لە کتێبەکەی(باڵدار) بە نمونەی پێویست ڕونکراوەتەوە و لە تەوەرەی شەشەمدا چەند ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی لە کتێبەکەی (باڵدار) دا ، بە نمونەی پێویست و بە گوێرەی هەندێ لایەنی گشتگیری پەروەردەیی خراوەتە ڕوو.

**دەستەواژە گرنگەکان:** جیاوازی لە نێوان زاراوەی ( زمانپژان و زمانڕسکان ) دا هەیە ، چونکە زاراوەی (زمانپژان (First Language Acqiuisition – خۆی لە قۆناغی( هاوارکردن و گرۆگاڵکردن و لاسایکردنەوە و واتاپێدان و ئاماژەکردن ) دا دەبینێتەوە ، واتە پێش چوونە خوێندنگە ، بەڵام زاراوەی( زمانڕسکان – Language Development) پاش (زمانپژان) دێت و پەیوەندی بە جێگیربوونی سازگەی دەنگەکانی زمانەوە هەیە ، کە ڕێگە بۆ بەرانبەریکردنی فۆنیمی خۆش دەکات ، واتە پاش چوونە خوێندنگە.

### 1- پێشەکی

لە بواری عیلم و مەعریفەدا، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە یەکێك لەو ئەرکە هەرە قورس و سرك و پیرۆزانە دادەنرێت ، کە هەرچەندە زۆر کەس خۆیان لە قەرەی دەدەن ، بەڵام کەمر کەس هەیە کە بتوانێ هەوێنی ئەم پرۆسەیە نەبزوڕکێنێ ، ئەوەش بۆ سروشتی سەلیقەی پەروەردەکردن و کارامەیی فێرکردن دەگەڕێتەوە ، کە ماندوبوون ناناسێت و نەزانین قبوڵ ناکات ، وێڕای حەز و شارەزایی تیۆری و پراکتیکی کە لەم پرۆسەیەدا ئەزمونێکی ناوازە دەخولقێنن . ئەوەی لەم گۆشەنیگایەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و تێرامانە ئەم جیهانە نەمامر ئاسایەیە ، کە مرۆڤ لە قۆناغی منداڵیدا وەکو یەکەم وێستگەی ئەم پرۆسە دوور و درێژە پێیدا گوزەر دەکات ، بە جۆرێك کاریگەریی بچوکترین هەڵە لەم قۆناغەدا گەورەترین کاردانەوەی لە قۆناغەکانی دواتری تەمەن لەسەر کەسایەتیی تاك بە جێدەهێڵێت ، هەر بۆیە کەمر کارێکتەر لەسەر شانۆی ئەم پرۆسەیە هەیە ، بتوانێ نمایشێکی ناوازە پێشکەش بکات و لە لووتکەی ئەم بوارەدا بمێنێتەوە ، چ جای ئەوەی لە دیوانی نەمریدا شاکارێکی دانسقە بئەفرێنێت . ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا شایەنی قسە لەسەرکردن و شیکردنەوە بێت لە گۆشەنیگای لایەنی فۆنۆلۆجی زمان و زمانەوانی دەرونییەوەیە ، کە شاکارە کتێبی (ئەلفوبێی نوێ ) ی مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) ە ، چونکە زیاتر لە نیوسەدە بوو لە خوێندنگاکانی باشووری کوردستان دەخوێنرا ، شاکاری و نەمری ئەم پرۆگرامە بۆ شارەزایی و لێزانی دانەرەکەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و زمان و ئەدەب و دەروناسی و کەلتور و کەلەپوری نەتەوەیی و سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی و ژینگەناسی دەگەڕێتەوە ، کە حەز و خولیاو و قاڵبوونەوە و توانەوەی مەیدانی لە نێو پرۆسەکەدا پێوە دیارە و سوودێکی زۆری لە ئەزمونی

شارەزایانی زمانی كوردی لەو سەردەمەدا وەرگرتووە ، بە نمونەی (سەعید سدقی كابان و تۆفیق وەهبی بەگ و حامید فەرەج و … هتد) لە بواری دەرونیشەوە سودی لە ئەزمونی زانایانی وەكو (پیاجە و فرۆید و بافلۆف و ولیەم گرای …هتد ) وەرگرتووە . سەرەڕای ئەوەی بۆخۆی مەیدانییەن لە ناو پرۆسەكەدا بووە و ڕۆژانە بەراوێژكردن لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی كە بەرهەمەكەیان دەوتەوە هەستی بە كەموكوڕی و خاڵی بە هێزی پرۆگرامەكەی كردووە و لە فیلتەری ڕەخنەی زانستی داوە ، بۆیە هەرچەندە ئەم بەرهەمە لە كەموكوڕی بەدەر نییە بە تایبەتیش لە ڕەنگ نەدانەوەی یەكێك لە چوار كارامەییە بنەرەتییەكەی زمان ( خوێندنەوە – نووسین – ئاخاوتن – گوێگرتن ) كە گوێگرتنە و دەشێ پاساوی سەردەمی خۆی بۆ بهێنرێتەوە ، بەڵام ناشكرێ بەیەكجاری پشتی لێهەڵماڵرێ ، ئەگەر بەكاریش نەخرێتەوە ، ئەوا شایەنی موتربەكردن و ئاوێتەكردنە بە بەرهەمی چاكتر و پاراوتر ، چونكە بە ڕەچاوكردنی ئەو تەقەنیات و هەنگاوانەی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن لەو ڕۆژگارەدا ، كە ئەم بەرهەمەی تێدا لە دایك بووە و بەراوردكردنی بەو پێشكەوتنە خێرایەی تەكنەلۆژیای سەردەم جیاوازی زۆرە ، بەڵام دور لە سۆز و عاتیفە نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت ، كە مەرج نییە هەموو بەرهەمێكی كۆن و خۆماڵی ، شایەنی تووڕدان و پشتلێكردن بێت ، چونكە هەردەم بەرهەمە شاكار و پرۆگرامە مرۆڤكردەكان زادەی بەرهەمێكی تری پێشخۆیانن ، كە لە فلتەری ڕەخنەی زانستی دەرنەچوون ، بۆیە شایەنی هەمواركردنەوەن ، تەنانەت بەو بەرهەمەی(باڵدار) یشەوە .

**2- پوختەیەك لە مێژووی پرۆگرامی ئەلفوبێی زمانی كوردی :**

قسەكردن لەمەڕ سەرەتای سەرهەڵدانی یەكەم سەرچاوەی كتێبی ئەلفوبێی زمانی كوردی ، ئەگەر بە ڕێگەیەكی زانستی و خستنە ڕووی ڕاستیی مێژوویی بێت ، جگەلەوەی پێویستی بە بەڵگە و دۆكیومێنتە بۆ سەلماندن ، هەروەها پێویستی بە تێنویەتی شكاندنە لە سەرچاوەی ڕون و نەشێوێنراو ، چونكە نەتەوەیەكی عەریقی وەكو كورد ، كە بە بەڵگەی قورئانی خاوەنی خاكێكی پیرۆز و بەپیت و بەرەكەتە و شوێنێكی جوگرافی گرنگی لە نەخشەی جیهاندا هەیە ، هەمیشە جێگەی چاو تێبڕین و تەماعی دراوسێ چاوچنۆك و داگیركەرە بێبەڵێنەكانی بووە ، بۆیە شێواندنی مێژووی ڕەگەزی كورد و بنچینەی زمانەكەمان كاری لە پێشینەی داگیركەرانی كوردستان بووە ، كە بە ناوی ڕۆژهەڵاتناس زۆرینەیان گەڕیدەی گورگ ئاسایان لە پێستی مەڕ ئاسا بۆ كوردستان ناردووە . سەبارەت بەو مێژووەش بە پێویستی دەزانین بۆ كۆنترین كتێبی ئەلفوبێی زمانی كوردی بگەڕێینەوە ، چونكە پێش لە دایكبوونی حەزرەتی مەسیح (د.خ) و دواتر لە سەردەمی ئیسلام كۆمەڵێك ئەلفوبێ ، بە نمونەی (ئەلفوبێی پەهلەوی و مسماری و ئاڤێستایی و ئارامی و ماسی سورتی و یەزیدی و عەرەبی و ئەرمەنی و كیریلی و لاتینی ) لە لایەن نەتەوەی كوردەوە بە كارهاتووە ، بەڵام لە شێوەی كتێب و پرۆگرامی خوێندن نەبوون . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عەبدلواحید موشیر مەحموود 2011: 10-11) . سەبارەت بە كۆنترین سەرچاوەش كە وەكو پرۆگرامی خوێندن ئاماژەی بۆ كرا بێت ( كتێبی ((ألفبای كرمانجی)) یە ، كە لە لایەن خەلیل خەیاڵی موتەكی ، ساڵی (1325) ی ڕۆمی لە دووتوێی (25) لاپەڕەی قەبارە بچوك چاپكراوە ، بە یەكەم كتێبی ئەلفوبێی كوردی دابنێین ) .(ئاوات ئەبوبكرئەحمد 2015 :12) . دواتر لە ساڵی(1920) (مامۆستا موحەمەد زەكی و میرزاموحەمەد باشقە) ئەلفوبێیەكی كوردییان بە پیتی لاتینی (بە هاوكاری مێجەرسۆن) بڵاوكردەوە ، بە ناوی (كتابی أولمینی قرائەتی كوردی ) یەوە لە چاپخانەی حكومەت لە بەغدا چاپیانكرد ، ئەم قرائەتە (30) سی لاپەڕە بوو ، بە فارسی و توركی ، بەپێی دەنگ تەعریفی پیتەكانیان كردوە ) .(حامید فەرەج1976: 15) . شایەنی باسە ژمارەی پیتەكانی ئەم ئەلفوبێیە(31) پیت بووە . دواتر (مامۆستا ئەحمەدی عزیزئاغا) كتێبێكی لە قوتابخانەكەی خواجەئەفەنی دانا بە ناوی (ألفبای كوردی) لە (1925) كاری پێكرا كە پێكهاتبوو لە پێشەكی و 41 لاپەڕەی قەبارە نیو ئەی فۆڕ ) . ( ئاوات ئەبوبكرئەحمد 2015 : 12) . جێگای ئاماژەپێكردنە ئەم كتێبە وەرگێڕدراوی قرائەتی عەرەبی بوو ، دواتر (مامۆستا حاجی جندی لە ساڵی (1931) دا قرائەتی ((كتێبا ئەلفبا)) ی بە لاتینی- ڕوسی – فەرەنسی دانا . شایەنی باسە ژمارەی پیتەكانی ئەم ئەلفوبێیە (30) سی پیت بووە . دوای ئەوە كە بارودۆخی كوردستان ئارامبۆوە و بەهۆی كرانەوەی كۆمەڵگەی كوردی (مامۆستا حامید فەرەج) كتێبی ئەلفوبێی كوردی وێنەداری لە ساڵی (1936) چاپكرد و دواتر لە ساڵی (1946) بۆ جاری دووەم چاپكرایەوە ، كە ئەلفوبێیەكی تازە بوو بۆ ئەو سەردەمە و لە پێشەكی و ( 39 ) سی و نۆ وانە پێكهاتبوو .(حامید فەرەج 1976: 25-26) . دواتر ( لە ( 1948/2/1 ) دا وەزارەتی مەعاریفی عێراق (مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار) ی ڕاسپارد بۆ دانانی پرۆگرامی ئەلفوبێی كوردی ، كە لە ساڵی (1948) كتێبەكەی (باڵدار) تەواوبوو ، وەزارەتی مەعاریفی عێراق بڕیاری لە چاپدانی دا و لە ساڵی (1953) بۆ یەكەمجار لە چاپخانەی (النجاح) چاپكرا ، شایەنی باسە لەو ڕێككەوتەوە (34) جار بە ڕەسمی ئەم كتێبە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە چاپكراوەتەوە ، (باڵدار) لە بارەی كتێبەكەیەوە ، كە لە ڕۆژگارێكی سەخت چاوی بە خەرمانی دەوڵەمەندی ستەمدیدەی زمانی كوردی هەڵهێناوە دەڵێت : (خەت خۆشی بە ناوبانگ (صبری الخطاط) كە هیچ كوردی نەئەزانی ، دوای ڕەنج و

هیلاکییەکی زۆر لە گەڵیا کتێبەکەی بە دوو مانگ بە نقە نق بە دەستخەت نوسییەوە ، وە (حاجی سوعاد سلیم ) ی ڕەسامیش کە هیچ شوێنێکی کوردستانی نەدیبو و ڕۆژ بە ڕۆژ هەموو شتێکی بۆ ڕوون ئەکرایەوە ، ڕەسمەکانی کتێبەکەی بە جرەجڕ لە ماوەیەکی درێژا تەواوکرد دواتر لە (1953) لەلایەن هونەرمەند (بەدیع باباجان) ەوە بە وێنەی ڕەنگا و ڕەنگی جوانی کوردەواری کوردستان ڕازێنرایەوە ، تاوەکو لە ساڵی (1955) دا ،(باڵدار) کتێبێکی ئەلفوبێ بۆ فێرکردنی گەوران دانا ، ئەم کتێبە بەردەوام چاکسازی تێدا کراوە ، بە جۆرێك لە ساڵی (1956) لە لایەن خاتونێکی ئەڵمانی بە ناوی (ترودی میتڵمان) ەوە جارێکی تر وێنەکانی کێشایەوە ، بەڵام بە داخەوە لە (2000/8/13) دا بۆ یەکەم جار وەزارەتی پەروەردەی سلێمانی بە بڕیاری ژمارە (4895 ) کتێبەکەی باڵداری خانەنشین کرد ، بۆجاری دووەم وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بە نوسراوی (1343ج) لە (2014/9/25) دا بڕیاری لەسێدارەدانی کتێبەکەی دەرکرد و لە بری ئەم شاکارەی (باڵدار) بە ناوی ڕیفۆرمی پەروەردەیی و چاولێکەری لە پەروەردەی سویدی کتێبێکیان بە ناوی لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەوە چاپکرد ، کە زۆرینەی بابەتەکانی موتربەکی ناکامی کتێبەکەی (باڵدار) ی نەمرە . هەر چۆنێك بێت بە شایەدی دۆست و دوژمن ئەلفوبێکەی (باڵدار) ژمارەیەکی پێوانەیی شکاندوە ، لەو بارەیەوە (هەژاری موکریانی) دەڵێت: (ڕۆژێکیان لە چایخانەیەکی شاری بەغدا دانیشتبووین ، باسوخواس کەوتە سەرباسی ئەلفوبێ ، کوڕێکی (ساطع الحصري) کە دانەری کتێبی (القراءة الخلدونية) یيە ، بە زمانی عەرەبی گوتی : (باوکم ، کە باسی (ئەلفوبێ ) کەی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دەکات بە زۆرباش و سەرکەوتوتر لەوەی خۆی وەسفی دەکات ) . بۆیە دەتوانین بڵێین : (ئەلفوبێ) کەی(باڵدار) لە مەیدانی فێرکردنی زمانی کوردیدا حەشر بە نەشری هەر ئەلفوبێیەکی لەم چەشنەی دوای خۆی دەکات ، کە نەتوانێت شتی تازە بێنێتە کایەوە و شان لە شانی بدات.

**3- ڕۆڵی (باڵدار) لە پڕۆگرامی ئەلفوبێ زمانی کوردیدا :**

مامۆستا(باڵدار) کەسایەتییەکی کارێزمایی پەروەردەیی و ئەفرێنەری شاکارێکی دانسقەی ڕوحییە ، کە دوای نیو سەدە لە خوێندنی کتێبەکەی هێشتا تامەزرۆیی و خولیای گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی موچڕکی شادی بە لەشی ئەو خوێندکارانەدا دێنێت کە فرچکی خوێندن و نووسینیان بە کتێبەکەی (باڵدار) ەوە گرتووە ، بە واتایەکی تر هەرچەندە پەرۆشی و سەلیقە و حەز و خولیای (باڵدار) بۆ پڕۆسەی پەروەردەکردن بە شێوەیەکی کارەکی لە کتێبی (ئەلفوبێی نوێ ) دا ڕەنگیداوەتەوە ، بەڵام شاکاری و نەمری و پڕ بەهایی ئەم کتێبە ئیلهامی لە بەهرە و ئەزموونی گشتگیری خودی ئەو زاتە وەرگرتووە ، کە بە شێوەیەکی تیۆری لە کتێبی ( ئامادەکاریی بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نوسین لە قۆناغی منداڵیدا ) بە زمانی عەرەبی بۆی بەیانکردووین . ئەوەی لە بواری پڕۆگرامسازییەوە لەم کتێبەدا جێگای سەرنجە سەرەڕای دنیا دیدەی (باڵدار) و گەڕانی بە وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوادا ، بەڵام خودی خۆی وەکو کارێکتەر و مامۆستایەك ، کە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ناو پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دایە و شارەزای کەلتور و کەلەپور و داب و نەریت و ئایین و باری کۆمەڵایەتی و ژینگە و بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ژیانی لادێ و دێهاتەکانی کوردستانە ، هەر بۆیە زۆرینەی دیمەن و شوێنی ڕەوتی ڕوداوی وانەکانی لە گوندە ڕەنگین و سەرنج ڕاکێشەکانی کوردستانەوە خولقاندوە ، بە تایبەتیش گوندی (جاسەنە) ی ناوچەی سورداش لە قەزای (دوکان) سەر بە پارێزگای سلێمانی ، وەکو خۆی دەڵێت : (لەم دێیەدا هەلێکی باشم بۆ هەڵکەوت ، کە بتوانم وانەکانی ئەم (ئەلفوبێ ) یە ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، بەسەر قوتابیاندا تاقیبکەمەمەوە)، هەر ئەمەش هەوێنی سەرکەوتنی هەر پڕۆگرامێکە، کە زادەی زێد و پراکتیزەکردنی ژینگەی ژیاری خۆیەتی ، ڕەنگە کەسانێك بە نێوی ڕەخنەوە ، کە ئێستا دەڵێن : ئەم کتێبە بۆ ژینگەی شار نابێت ، وەك بڵێی ئەوەیان لە بیر کردووە ، کە ئەوە خەڵکی دێ و دێهاتەکان نین ، شارەکانیان بنیاد ناوە . تەنانەت بە دیدە ئایینییەکەشەوە لە سەرەتای مێژووی ئاینی ئیسلامدا بۆ زمان پاراوی و توندوتۆڵی جەستە و لەشساغی ، ئەگەر سەرەتا منداڵان لە گوندیش(لادێش) نەژیابان ، دەنێردرانە دێهاتەکان ، باشترین نمونەش قۆناغی منداڵیی پێغەمبەر ((محمد)) ە (د.خ) ، کە لەلای دایەنەکانییەوە بە خێو دەکرا . خاڵێکی تری کتێبەکەی مامۆستای مامۆستاکان (باڵدار) لە بواری پڕۆگرامسایدا ئەوەیە کە بە سودوەرگرتن لە تیۆرەکانی فێرکردن ، (باڵدار) هەردوو ڕێگای ( تەولیفی و دەنگی) تێکەڵکردووە ، بەڵام حیسابی بۆ هەردوو ڕێگەی فێرکردنی گونجاو کردووە ، واتە (الطريقة كلية التحليلية ) و (الطريقة الجزئية التركيبية) و بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا پشتی بە ڕێگەی (تەولیفی) بەستووە و بە وشە و ڕستە دەستی پێکردووە ، کە واتا و مەبەست لە خۆدەگرن و بە برگە و دەنگ و پیت کۆتایی پێهێناوە ، بۆنمونە لە کۆتایی هەر وانەیەکدا بە چەماوەی داخراو (وشە ئینجا پیت) کۆتایی پێهێناوە . لەم بارەیەوە (ئیبراهیم قادر) دەڵێت : ( زۆرکەس وای بۆ دەچن کتێبی (ئەلفوبێی نوێ) بە پەیڕەوکردنی ڕێگای دەنگی(صوتی) دانراوە ، لە کاتێکدا (باڵدار) لە دانانی کتێبەکەیدا پلانێکی زۆر شارەزایانەی پەیڕەوکردووە و بە وشە و ڕستە دەستی پێکردووە ( کە سەرەتای دەستپێکردنی ڕێگای تەولیفییە ) و پاشتر کە پیتەکانی ڕوتەڵ(تجريد) کردووە ، یەکسەر لە بابەتی دواییدا وشەی نوێی لێ

دروستکردووه و له وشەکانیش ڕستەی تازەی داڕشتووه ).(ئیبراهیم قادرمحمد2000: 32) . ئەوەش هەنگاوێکی پەروەردەییە ، کە بە ڕێگەی زنجیرەیی بەپێی گەشەی سازگەی پیتەکان و وشە نوێیەکانی لە سیاقی ڕستەی تازەدا ئاخنیوە . جگەلە ئێسك سوكی کتێبەکە کە کۆی وانەکانی لە دووتوێی یەك بەرگی ڕەنگیندا کۆکردۆتەوە ، بە هۆیەوە تاوەکو کۆتایی ساڵ خوێندکار لە بابەتەکانی کتێبەکە دانابڕێت ، ئەوەی شایەنی باسکردن بێت سەبارەت بە کتێبەکانی ئەلفوبێی کوردی ، کە لە پێش کتێبەکەی (باڵدار) ەوە چاپکراون ، هەرچەندە لە کەموکوڕی بەدەرنین ، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی ئەوسای سیاسی و پەروەردەیی لە باشووری کوردستان ، کە تەنانەت ڕێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی نەدەدرا ، بۆیە جگەلە بەرزنرخاندنی ئەو هەوڵە سەرەتاییانە شتێکمان بۆ گوتن نییە . سەبارەت بە کتێبە نوێکەی وەزارەتی پەروەردە ، کە بەناوی (خوێندنی کوردی) یە ، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لەسایەی فەرمان ڕەوایی خۆماڵی و دوای ماوەیەك لە ئەزموون و سەربەخۆیی چاپیکردوون ، بەڵام هەندێك لەو بەرهەمە کرچ و کاڵانە شایەنی چاپکردن نەبوون ، دواترینیشیان کتێبی(خوێندنی کوردی) یە ، لە گۆشەنیگای ڕەخنەی زانستییەوە ، دەکرێ چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی لە بەرانبەر کتێبەکەی (باڵدار) لێبگیرێت ، لەوانەش :

1- کتێبی (خوێندنی کوردی) لە دوو بەرگی قەبارە گەورە بۆ خوێندکاران چاپکراوە ، بەناوی (خوێندنی کوردی وەرزی یەکەم ) و(خوێندنی کوردی وەرزەی دووەم ) سەرەڕای کتێبێکی تر بەناوی ( ڕێبەری مامۆستا ) ،کە ئەم ڕێبەرییە بۆ خۆی شتێکی باشە ، چونکە مامۆستای بابەت دەتوانێت وردتر پلان و تێبینییەکانی خۆی لەسەر پراکتیزە بکات ، بەڵام خاڵی ڕەخنە و گلەیی لە قەبارەی کتێبەکە و دابەشکردنیەتی بۆ دوو وەرزی خوێندن ، لە کاتێکدا شێوازی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە شێوەیەکی ساڵانەیە نەك وەرزی ، سەبارەت بە قەبارەی کتێبەکە بەداخەوە نەك هەر ئەم پەرتووکە بگرە زۆرینەی پەرتووکەکانی (سیستەمی سویدی) هیچ حیسابێکیان بۆ توانای جەستەیی منداڵی شەش حەوت ساڵان و بەدخۆراکی کۆمەڵگەی کوردی نەکردووە ، کە دڵنیا بن ئەم بێباکی و کورتبینیە لە ئەنجامدا نەوەیەکی قەمبور و سەرنەوی بەرهەم دێنێت ، سەبارەت بە خراپی دابەشکردنی پرۆگرامی خوێندن بۆ دوو وەرز ، کاردانەوە نەرێنییەکانی زۆرن ، لەوانە زۆرینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا زۆر زەحمەتە ئەو هەستەیان لەلا دروستبووبێت ، کە پەیامی هەر پرۆگرامێك کە لە کتێبێکدا ڕەنگرێژ دەکرێ بە شێوەیەکی زنجیرەیی و پەیوەست بە بابەتی پێشوو دادەڕێژرێت ، بۆیە گرێنتی نییە خوێندکار ، کە وەرزی یەکەمی خوێندنی تەواوکرد کتێبەکە پشت گوێ نەخات و ون نەکات .

2- لە سەرەتای کتێبەکەدا پێشەکییەکی درێژی بۆ نوسراوە ، زیاتر دەشێت بۆ ئەو خوێندەوارانە بنوسرێت ، کە لە فێربوونی ئەلفوبێ بووبێتنەوە ، نەکە بۆ منداڵان کە تازە شارەزای ناسینی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانەکەیان و تەکنیکی خوێندنەوە دەبن .

3- چەندین وێنەی تەواو و ڕەنگکراو لە پێش وانەی یەکەم خراوەتە ڕوو ، خۆ منداڵ پێشتر ئەم وێنانەی دیوە ، ئێستا بە دوای نوسین و شێوازی دروست گۆکردن و سیاقی بەکارهێنانیاندا وێڵە.

4- دوو شێوە شیعری ستونی و ئاسۆیی لە سەرەتای کتێبەکە ئاخنراوە بە ناونیشانی (پەرتووك) و(سمۆرە) ، کە هەرچەندە شیعری پڕ واتا و پەیامدارن ، بەڵام دەکرا (باڵدار) ئاسا لە چوارچێوەی فێرکردنی پیتی < پ > و < س > دا بخرانایەتە ڕوو .

5- لایەنێکی تری ئەرێنی لە کتێبەکەی وەزارەت ئەو زنجیرە چالاکییەیە کە بۆ هەر وانەیەك خراوەتە ڕوو ، بەڵام ژمارەی چالاکییەکان زۆرن ، کەواتە لەم خاڵەشدا حیساب بۆ سەلیقە و زەوقی کورتمەودای خوێندکار نەکراوە ، ئەمەش ڕێك لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا یەکدەگرێتەوە ، کە گوتراوە((چێشتی زۆر کابان یان سوێرە یان بێ خوێ یە)) .

6- لە کتێبی (خوێندنی کوردی) دا ، کە خاڵێکی ڕەخنەییە لە کتێبەکەی (باڵدار) یش ، چونکە هەر نەبووایە دەبوو حیسابی بۆ بوونی خاڵێکی هاوبەش لە نێوان سەرجەم دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکردایە و نمونەی زیاتری سەبارەت بە وشە و فەرهەنگۆکی دیالێکتەکانی زمانی کوردی تێئاخنرایە ، تاوەکو ببوایەتە نمونە بۆ پرۆگرامی قۆناغەکانی تری خوێندن و لێکنزیکبوونەوەی دیالێکتەکانی زمانەکەمان و ئاشناکردنی منداڵان بە شێوازەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی ، ئەمەش دەبووە مینبەرێك بۆ ئاشتەوایی و تۆکمەبوونی ڕۆنانی زمانێکی ستاندارد ، کە دەسەڵاتی سیاسی و نوخبەی ڕۆشنبیران تاوەکو ئەم ساتەش وا دەزانن زمانی ستاندارد بە پرۆژە دروستدەبێت ، بەڵکو ئەوەیان لە بیرچووە کە ئەمە دواهەنگاوە و بوونی زمانی ستاندارد پرۆسەیە و هەنگاوی یەکەم موتربە و ئاوێتەکردنی فەرهەنگۆك و خستنە ڕووی جیاوازی و خاڵی وێکچووی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و گشتاندنییەتی بۆ ناو پرۆگرامەکانی خوێندن ، تاوەکو چەکەرە بە ڕۆحی پێکەوە ژیان و شوناسی هاوبەشی نەتەوەییمان بدەین ، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کتێبەکەی(باڵدار) دا بە سەرەتایەکی ڕوون و وێنەی سادە و ئەندازەیی و پانۆڕامایەکی وێنەی پیتەکانی زمانی کوردی دەستی پێکردووە ، کە منداڵ بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات و لە ناوەڕۆکی کتێبەکەشدا پانۆرامایەکی وێنەداری بۆ سەرجەم پیت و وشەکانی زمانی کوردی خستۆتە ڕوو .

7- ئەگەر سەرنجێکی وردی سەراپای کتێبی (خوێندنی کوردی) بدەین ، لە هەر وانەیەکدا چەند وشەیەکی تر ئاوێتەی بابەتی وانەکان کراون ، کە دور و نزیك هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتەکەوە نییە و بگرە تێگەیشتنی منداڵان بۆ پەیامی هەر وانەیەك پەرتەوازە دەکەن ، بۆ نمونە: لەوانەی یەکەمدا وشەی (کیسەڵ) ، لە وانەی دووەم وشەی (قاز) ، لە وانەی سێیەمدا وشەی (شەقام) ، لە وانەی چوارەمدا وشەی (ڕێواس) ،... هتد) ئەمە لە کاتێکدایە هیچ یەك لەم وشانە ئاماژە و پەیام نین بۆ پیتی خوازراوی وانەی داهاتوو ، لە کاتێکدا (باڵدار) زۆر بلیمەتانە حیسابی بۆ پەرتەبوونی مێشکی خوێندکار و تێگەیشتن لە پەیامی هەر وانەیەك کردووە ، بۆ ئەو مەبەستەش یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) ی پاراستووە و پیتەکانی هەر وانەیەك ئیلهام بەخشن بۆ ڕۆنانی وشەیەکی تازە لە وانەی داهاتوودا .

8- سەبارەت بە فێربوونی بەشەکانی ئاخاوتن ، بەگوێرەی دەقە قورئانی و زمانەوانییەکان مرۆڤ یەکەم بەشە ئاخاوتن کە فێردەبێت بەشە ئاخاوتنی (ناو) ە ،((وعلم أدم أسماْء کلها )) منداڵیش یەکەم بەشە ئاخاوتن کە فێری دەبێت ( ناو) ە ئینجا (کار) و دواتر ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و ئامرازی پەیوەندی و ... هتد ) بڕوانە (عبدالستار طاهر شریف 1986: 116-118 ) ، بەڵام لە کتێبی (خوێندنی کوردی) کە لەلایەن لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ساڵی (2014) ئامادەکراوە ، منداڵ لە یەکەم وانەی کتێبەکەدا فێری بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو دەبێت ، بۆنمونە ، وانەی یەکەم ( ل 23 ) ئاوەڵناوی (زەرد) ە ، کە یەکەم وشەی وانەی یەکەمە و هاوەڵناوە ، هەروەها لە ئەنجامی خوێندنی وانەی یەکەم و دووەم و سێیەم لەم کتێبەدا منداڵ فێری پیتەکانی < د > و < ر > و < ز > دەبێت ، کە بە هەر جۆرێك ئەم پیتانە لێکبدات فێری وشەی ( درز – دز - زد ) دەبێت ، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی مۆرکێکی نەشیاو لە ئاوەزی منداڵ دەنەخشێنێت ، لەگەڵ بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەشدا یەکناگرێتەوە .

9- بە بەراورد بە کتێبەکەی (باڵدار) کە لە کتێبەکەیدا پەیڕەوی بنەمای ڕاستگۆییکردووە ، بۆتە هۆی ئەوەی میسداقیەتی کتێبەکە پڕ بەهاتر بکات ، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کتێبەکەی (باڵدار) (34) سی و چوار جار لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە چاپ بکرێتەوە ، بەڵام لە کتێبی (خوێندنی کوردی) دا نەتوانراوە پارێزگاریی لە نەشێواندنی ڕاستییەکان بکرێت ، کە لە ساڵی(2009) لە لایەن لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەوە چاپکراوە ، بۆنمونە لە وانەی (دۆ ڕژاوە) دا ، وێنەی دۆیەکە دەبینین ، کە شین دەچێتەوە ، هەروەها لەوانەی (باران دەبارێت ) پێچەوانەی ئەوەی کە لە ناوەرۆکدا دەڵێت : ( وا باران دەبارێت ) کەچی لەم چاپەیدا دیمەنی باران بارین لەو دیوی پەنجەرەکەوە نابینین ، وە لە وانەی (بەرخ) دا ، کە دەڵێت: ( حەوتیان سپی و هەشتیان ڕەشن ) بە داخەوە شەش دانەی بە ناو ڕەشی تیدایە ، چونکە یەکێکیان زەردە و سیانیان ڕەنگیان مەرەزین و دووانیان ڕەشن ، جگەلەوەش لە وانەی (غارغارێن) دا کە دەڵێت ( وا سوارێك پێش هەموویان کەوتووە ، سواری وڵاغێکی ڕەش بووە ) بە پێچەوانەی وێنەی کتێبەکە ، کە (سواری ولاغێکی سپی بووە) لەم بارەیەوە مامۆستایەکی ئەلفوبێ دەڵێت : ( ڕۆژێکیان کە بابەتی وانەی ( غارغارێن )م بە خوێندکارانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەوتەوە ، لە ناکاو خوێندکارێك زۆر بە پەرۆشەوە گوتی : ( مامۆستا ئەم کتێبە درۆ دەکات ، کە سەرەنجی هەمووانی ڕاکێشا منیش گوتم بۆ ڕۆڵە ، لە وەڵامدا خوێندکارەکە گوتی : ئەی مامۆستا نابینی وێنەی ئەو سوارەی ، کە پێش هەموویان کەوتووە وڵاغەکەی سپییە نەك ڕەش ) ، ئەویش هەستی ناسك و بێ لەکەی مێشکی خوێندکارمان لەو قۆناغە بۆ دەردەخات ، کە هەڵە و نادروستی قبوڵ ناکات .

**4- دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکانی زمانڕسکاندن**

لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زماندا ، سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن ، پێویستە سەرەتا لێکۆڵینەوە لە کردارە بایلۆژییەکانی ئەندامانی ئاخاوتن بکرێت ، کە سەرەتای ئەم کردانەش خۆی لەو ئاماژە دەمارییانەدا دەبینێتەوە ، کە بیرۆکە بەرهەستەییەکانیان لە ڕێگەی مێشکەوە بەهۆی کردەی بیرکردنەوەوە بە شێوەی بیرۆکەی ( ڕووت - Abstract ) لێوە گەڵاڵە دەبێت ، ئەم بیرۆکە نەمەیوانەش سەرەڕای ئاوێتەبوونیان بە باری دەرونی و کاریگەریی ژینگەی دەوروبەر ، پێویستە سەرەتا لە ڕێگەی کۆدکردنی فۆنۆلۆژییەوە( Phonological Encoding) لێیان بکۆڵرێتەوە ، کە لێکسیمە هەڵاویرکراوەکان لە (چۆنیەتی دابەشبوونی دەنگ و پیت و ڕیزبوونی فۆنیم و پێڕەوی بڕگە و ڕەوتی فۆنیمەناکەرتییەکان... هتد) بەهۆی پێڕەوی دەنگی زمانەکەوە کۆنکرێت دەکات.( Kormos, J: 2006: 19). دواتریش لە ڕێگەی کۆدکردنی فەرهەنگیی تایبەت بە یەکە فەرهەنگییەکانی زمانەکە بە شێوەیەکی دابەشبوونی تەواوکەرییانە (Complementary Distribution) ، لە ئەنجامی هەڵاوێرکردنی یەکە بێ واتاکانی زمانەکە لە(فۆنیم و بڕگە) یەکەی واتایی لە (مۆرفیم و وشە و ڕستە ...هتد) ئاخاوتن بەرهەمدێنن ،( بەڵام بەرهەمهێنانی ئاخاوتن تەنها بریتیی نییە لە ڕیزکردنی دەنگ و وشە ... هتد ، یان لێکدانەوەیەکی ڕووکەشیانەی سیمانتیکییانە ، بەڵکو بەهای هەریەك لە زانیارییە زمانییەکان دەبێتە هۆی کێشکردنی بەهای یەکە زانیارییەکانی تر بەمەش پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروست دەبێت و

لە ئەنجامیشدا بیر دەگەیەنرێت ).(ئاڤێستا كەمال مەحموود2013: 72) . كەواتە باسكردن و شیكردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ئاخاوتن دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی كارەكییەوە بەتایبەتیش زمانەوانی دەرونی ، بۆیە ئەوەی لەم لێكۆڵینەوەیە مەبەستە باسكردنە لە بەرهەمهێنانی زمان لە قۆناغی منداڵیدا بەتایبەتی تەمەنی شەش ساڵان و سەروتر ، هەڵبەتە ڕسكانی زمانی منداڵ لەم تەمەنەدا كاریگەری ڕاستەوخۆی هەنگاوەكانی زمانپژانی بەسەرەوەیە ، كە خۆی لە (هاواركردن و گرۆگاڵكردن و لاسایكردنەوە و واتاپێدان و ئاماژەكردن ) دا دەبینێتەوە ، كە سەرەتا لە فرچك گرتنی كۆرپەلە بە مەمكی دایكییەوە لێوەكانی توندوتۆڵ دەبن و دواتریش بەهۆی پەرۆشی پوكەوە دانەكانی پێشەوە سەردەردێن و زمانیش سەرەڕای چێژوەرگرتن ڕۆڵێكی كاریگەر لە كردەی دركاندنی دەنگدا دەبینێت ، هەر بۆیە منداڵ لەم قۆناغەدا تەنها ئەو دەنگانە بەرهەمدێنێت ، كە پەیوەندییان بە توندبوونی ماسوولكەكانی لێو و زمانەوە هەیە ، سەبارەت بە دركاندنی دەنگەكان لەم قۆناغەدا (ئەوەی كە منداڵ دەتوانێت دەریانببڕێت ئەو دەنگانەن كە پەیوەندییان بە دەم و لێوەوە هەیە ، چونكە منداڵ لە ئەنجامی كرداری (مژین و مڵچەمڵچ و قوتدان) ەوە بە ئاسانی دەتوانێت بەسەر جوڵە و بەكارهێنانی هەردوو لێویەوە زاڵدەبێت ، یەكەم دەنگ بریتییە لە [ ب ] دوای ئەوە ئەو دەنگانە دەردەكەوێت ، كە پەیوەندییان بە ددانەوە هەیە وەك [ د - ت ] و دواتر ئەو دەنگانە ، كە پەیوەندییان بە لوتەوە هەیە وەك [ ن ] و [ م ] ، بەم شێوەیە دەنگەكان یەك لە دوای یەك دروست دەبن و باخچەی زمان دەوڵەمەند دەكەن ، دواجاریش ئەو دەنگانەی كە پەیوەندییان بە مەڵاشوو و قوڕگەوە هەیە وەك [ ك - ج - ق - ع ] دەردەكەون ) .(كەریم شەریف قەرەچەتانی 2002: 44) . هەرچەندە پێوەرێكی ستاندارد لە چۆنیەتی ڕیزبوون و دركاندنی یەكەم دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا نییە ، چونكە ئەم دیاردەیە زیاتر پەیوەندی بەلایەنی گەشەی بایۆلۆژی ئەندامانی ئاخاوتن و ژینگەی كۆمەڵایەتی و جیاوازی زمانەكانەوە هەیە ، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی منداڵان سەرەتا ئەو دەنگانە بەرهەمدێنن كە پەیوەندییان بە گەشەی ئەو ئەندامانەی ئاخاوتنەوە هەیە كە منداڵ وەكو پێویستییەكی سروشتی بە مەبەستی تێربوون بە كاریان دێنێت ، لێرەدا دوالیزمییەتی كاركردنی ئەندامانی ئاخاوتنمان بۆ دەردەكەوێت ، كە لەبنچینەدا ئەركیان پاراستنی ژیانی مرۆڤە .

**5- چەند ڕەهەندێكی دەنگی لە كتێبەكەی (باڵدار)دا :**

لەم تەوەرەیەدا چەندخاڵێكی گرنگ ، كە لە كتێبی (ئەلفوبێی نوێ) ی (باڵدار) بەرجەستەكراوە ، لە گۆشەنیگای فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییەوە دەخەینە ڕوو :

1- بە سەرنجدان لە چۆنیەتی ڕیزكردنی بابەتی وانەكانی كتێبی (ئەلفوبێی نوێ) ی (باڵدار) دەبینین ، كە چۆن بە شێوەیەكی ڕیزبەندی و بە حیسابكردن بۆ پژانی زمان لە توندبوونی سازگە و فێربوونی زنجیرەی دەنگەكان بە تایبەتی لە قۆناغی یەك تاوەكو شەش ساڵانی تەمەندا ، بە خستنە ڕووی وێنەی ئەو دەنگانە دەستی پێكردووە كە منداڵ لە قۆناغی زمانپژاندا فێریانبووە و ئاسانن لەسەر زمان و بەكارهێنان و دووبارەبوونەوەیان لە ژینگەی دەوروبەر دا زۆرە ، بۆ نمونە لە ناونیشانی بابەتەكاندا لە حەوت وانەی یەكەمی كتێبەكەیدا بە پشتبەستن بە تیۆرەكانی فێربوون بەتایبەتیش دووبارەكردنەوە ، پیتی < د > بەرجەستەدەكات ، وەكو ( دار – دارا - دارا دارا - دار – داو – دارا - دوودار) ، ئەمە لە كاتێكدایە كە سازگەی دەنگی [ د ] زارییە و لە كاتی لكانی نوكی زمان بە ددانەكانی سەرەوە دەدركێت ، بەو پێیەی دایك نزیكترین هاوسۆزی منداڵە ، بۆیە دەبینین لە كۆمەڵگەی ئێمەدا منداڵان سەرەتا فێری دركاندنی دەنگی [ د] دەبن ، بە تایبەتیش ئەو ناوانەی بە دەنگی [ د ] دەست پێدەكەن وەك ( دا ، دادێ ، دایە ، دادە ) ، كە مەرج نییە بۆ زمانێكی تر سەرەتا هەمان دەنگ فێربن ، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسیدا ، كە بۆ ناساندنی دایك وشەكانی ( Mam ) و (ألآم) و (مادر) بەكاردێنن . هەروەها بە ڕەچاوكردنی لایەنی داهێنانكاری و هەڵێنجان بەهۆی لێكدانی پیتەكان لە دنیای بیرتیژی منداڵدا ، بە ڕونی دیارە لە ئەنجامی خوێندنی وانەی یەكەم و دووەم و سێیەم لە كتێبەكەی (باڵدار) دا ، منداڵ فێری پیتەكانی < د > و < ا > و < ر > دەبێت ، كە بەهەر جۆرێك ئەم پیتانە لێكبدات فێری وشەی (دار – دارا - دا ) دەبێت .

2- سەبارەت بە فێربوونی بەشەكانی ئاخاوتن ، هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێكرد بە گوێرەی دەقە قورئانی و زمانەوانییەكان مرۆڤ یەكەم بەشەئاخاوتن كە فێردەبێت بەشەئاخاوتنی (ناو) ە ، منداڵیش یەكەم بەشە ئاخاوتن كە فێری دەبێت ( ناو) ە ئینجا (كار) و دواتر ئاوەڵناو و ئاوەڵكار و ئامرازی پەیوەندی و ڕاناو ... هتد ) .(باڵدار) یش بە هەمان شێوە لە بەشە ئاخاوتنی (ناو) ەوە ، دەستی پێكردووە ، بۆنمونە لە وانەكانی سەرەتاوە ( داو – دار – دارا ...هتد ) .

3- سەبارەت بە شێوەی نوسینی پیتەكان ،(باڵدار) زۆر بە وریاییەوە حیسابی بۆ فێربوونی تەواوی شێوەی نوسینی پیتەكان ( Allo graph) واتە شێوازی نوسینی سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی هەرپیتێك كردووە و بۆ ئەو مەبەستەش دوو وانەی بۆ هەر پیتێك تەرخانكردووە ، بۆ نمونە شێوازی نوسینی پیتی < ی > ( یـ ، ـیـ ، ی ) و سەرەتایی و ناوەڕاست و كۆتایی ، بۆ ئەمەش سوودی لە

کەموکوڕی کتێبی (ئەلفوبێی کوردی ) ی مامۆستا (حامید فەرەج ) وەرگرتووە ، کە یەك وانەی بۆ شێوازەکانی نوسینی هەر پیتێك تەرخانکردووە . بڕوانە (حامید فەرەج 1936) .

4- خاڵێکی گەشتر لە کتێبەکەی ( باڵدار ) دا ، بەو پێیەی ( ئەلفوبێی هەر زمانێ لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت ).(وریا عومەر ئەمین 2009 : 12) . یەکلایکردنەوەی بڕیارێکی زانستییە لەمەڕ ژمارەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانی کوردی ، کە بەهۆیەوە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانەکەی پێدەستنیشاندەکرێت ، لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم ، چونکە تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکیش ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە لایەن لێکۆڵەرانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییەوە ، لە گێژاوێکی لێڵدا ، ژمارەی جیاوازی بۆ خراوەتە ڕوو ، بۆنمونە سەبارەت بە ژمارەی دەنگە نەبزوێنەکان (مەکارەس بە (31) و مەکەنزی و عبدوالمجید بە ( 29) و (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) بە (28) و ... هتد) ، بەڵام (باڵدار) لە دوای زنجیرەی پەنجا و نۆیەمین وانەی پرۆگرامەکەیدا ، بە نمونەی دەنگ و پیت لە قالبی وشە و تابلۆی وێنەییدا پانۆڕامایەکی ڕەنگینی لەم خشتەیەدا نەخشاندوە و ژمارەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانی کوردی یەکلاکردۆتەوە ، کە (36) فۆنیمە. لە بەرهەمەکەی (باڵدار) دا بە گوێرەی پێگەیشتنی سازگەی پیتەکان و ڕیزبوونی ستانداردی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی زنجیرەی بابەتەکانی ڕیزکردووە ، هەروەها لە میانەی بابەتەکاندا پانۆڕامایەکی ئەندازەی بۆ کۆی پیتەکانی زمانی کوردی بە وێنەی ڕەنگین و نمونەی وشەیی بۆ هەر پیتێك هێناوەتەوە ، ئەمەش لە کاتێکدایە (باڵدار) پەیامی ژمارەی ستانداردی فۆنیمەکانی زمانی کوردی چەسپاندووە ، کە ژمارەیان (36) فۆنیمە ، لە کاتێکدا چەندین زمانەوان و دەنگناسی کورد لە دیاریکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا نەك بە هەڵەداچوون ، بگرە جیاوازیشیان زۆرە.

5- لەلایەنی دەنگییەوە ، خستنە ڕووی ڕۆڵی فۆنیمە لە گۆڕینی واتا و دابەشبوونی تەواوکەریی (Complementary Distribution) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، بۆ نمونە چەندین جووتە وشەی هاوئاوازی هێناوەتەوە ، لەوانەش ( دار – داو ، دارا – زارا ، کەو – کەف ...هتد ) کە بە گۆڕینی تاکە فۆنیمێك واتایان دەگۆڕێت و فێربوونی وشەکان ئاسانتر دەبێت ، لەم هەنگاوەشیدا ئاماژەی بە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیی کردووە ، کە بیری فۆنیم و ڕۆڵی جوتۆکە یە لە دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان و بەرهەمهێنانی واتای جیاواز دا ، لە کاتێکدا بیری فۆنیم بۆ ئەوسای زمانی کوردی تازە بووە . هەروەها (باڵدار) بۆ یەکەمجار شێوازی نوسینی چەند پیتێکی یەکخستووە ، کە پێشتر بە چەندین جۆری جیاواز دەنوسران (بەکارهێنانی شێوەیەکی جیایی ناوەڕاست بۆ پیتە پێوە نوساوەکان تەنها لە وەختی خۆیدا ، کە زۆربەی چاپکردن بە قالبی قورقۆشم بوو ، هەر بۆ ئەوە بەکەڵك ئەهات ، قالبی پیتەکان بە ئاسانی بخرێنە پاڵ یەکتری ، کە لە فێرکردنی خوێندنەوە و نوسیندا تەگەرە و شێواوییەکی زۆری دروست ئەکرد ، لە وانەش پیتی < ب > لە جیاتی ئەوەی بە چوار جۆری جیاواز بنوسرێت ، بەپێی ئەم گۆڕینە نوێیە وایلێهات بە دوو شێوەی جیاواز بنوسرێت .(ئیبراهیم ئەمین باڵدار 1987: 87 ) . هەر لەم بارەیەوە (حامید فەرەج) دەڵێت : ( ئەم ئەلفوبێیە لەو تاریخەدا زۆر بەنرخ بوو ، چونکە بە ئیملای تازە نوسرابوو و وێنەداریش بوو ، تەنیا نیشانەی بۆ حەرفی ڕێی گەورە و واوی درێژ دانەنابوو ، دوو نوسینی بۆ ئەو دوو پیتە دانابوو ) .(حامید فەرەج 1976: 29) .

6- سەلیقەی زمانەوانی گشتگیر بە نوسینی کتێبەکەوە دیارە ، چونکە دوای چارەسەرکردنی کێشەی ڕێنوس و ئیملای پیتەکان ، درککردنیەتی بە گرنگی قۆناغەکانی فێرکردنی منداڵان هەنگاو بە هەنگاو ، بۆ ئەو مەبەستەش فێربوونی بڕگەیی بە بنەما گرتووە لە فێرکردنی خوێندنەوە و نوسین بۆ منداڵان ،( لە قۆناغی خوێندنەوەی بڕگەیدا ، دیارە کە ئەم قۆناغە لە سەرەتای فێربوونی خوێندندا دەست پێدەکات ، پاش ئەوەی کە خوێندکار فێری چەند پیتێك (دەنگێك) دەکرێ و دەیانناسێ و شارەزایان دەبێت ، هەوڵی لەگەڵدا دەدرێت ئەو دەنگانە لە شێوەی بڕگە لێك بدات و بیان درکێنێت ) .(تاڵیب حوسێن عەلی 2014: 319) .

7- سەبارەت بە پەیڕەوی بڕگە لە زماندا، ئەوەی جێگای سەرنجە (باڵدار) شارەزایانە لە کتێبەکەیدا پەیڕەوی جۆری بڕگەی کورت و کراوەی کردووە و لە قالبی سادە دا وشەی کورت و ئاسانی خستۆتە ڕوو ، کە لەسەر زمانی منداڵاندا ڕەوانە ، بۆ ئەو مەبەستەش (باڵدار) هەستی بەوە کردووە کە منداڵ بۆ ئەوەی بەسەر خێرایی خوێندنەوە و تێگەیشتنی واتا دا زاڵبێت ، پێویستە گرنگی بە کۆدکردنی فۆنۆلۆژی بدرێت ، کە خۆی لە ڕێکخستنەوەی فۆنیمەکان لە قالبی بڕگەدا دەبینێتەوە ، بە واتایەکی تر چونکە ( قۆناغە سەرەتاییەکانی جفرەکردنی فۆنۆلۆژی لای منداڵ پەیوەستە بە دەربڕینی بڕگەوە ، کە بەشێوەیەکی نائاگایی ، بێ مەبەست بڕگەی کراوە لە چەشنی ( CV ) دەردەبڕێت پاشان بە دوو بارە کردنەوەی ئەم بڕگانە بە شێوەی دەربڕاوی ( CVCVCV ) دەردەبڕێت ) . (ناهیدە ڕەحمان خلیل2013: 116-117) . لەم بارەیەوە بەسەرنجدان لە کتێبەکەی (باڵدار) دەبینین لە زۆربەی زۆری وانەکاندا پەیڕەوی قالبی بڕگەی کورت و کراوەی کردوە ، ( یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی بۆ ئەوە دەچێت کە بڕگەکانی کوردی شێوەی بڕگەی تایبەت وەربگرن ، کە کراوەیە . زمانی کوردیش لەو زمانانەیە کە لای گوێگر بە مۆسیقی ناسراوە ، چونکە بڕگەکانی کراوەن و

بڕگەی گرانیان کەم تێدایە ) . (محمد معروف فتاح 2011: 80) . بۆ نمونە وشەکانی ( دارا – زارا – بابە – دایە - مامە - وی- دۆ – وەرە – دادە - زۆرە – دەرێ - ئێ ئێ – وا دێ - دەوەڕێ – ڕوواوە ...هتد) . ئەوەش بە سەرنجدان لە پرۆسەی زمانپژانی منداڵان کە سەرەتا بە بڕگەی کراوە لە چەشنی (CV) دەستپێدەکات ، وەك ( ماما ، دادا ، بابا... هتد) .

8- ئەوەی زیاتر لە بواری دەنگییەوە سەرنج ڕاکێش بێت ، گرنگیدانیەتی بە فەرهەنگی دەنگی و خستنە ڕووی شێوازی بانگکردن و خستنە ڕووی دەنگی هەر سەرچاوەیەکی سروشت و باڵندە و ئاژەڵانە بە تۆن و وشەی گونجاوی خۆی لە فەرهەنگی کوردەواریدا بۆنمونە ( زەردە دەوەڕێ ) کە ناوی سەگەکەی ئازادە ، یان (ما – ما – ما ) کە بۆ باڕاندنی مەڕ دەگەڕێتەوە ،( باع ، باع ) کە بۆ بەرخ دەگەڕێتەوە ، ( ویس ، ویس ، ویس ) کە بۆ تەیرەکان ، (تەپ ، تەپ ، تەپ ) کە بۆ تۆپی یاری کردن دەگەڕێتەوە ، (میاو ، میاو ) کە بۆ دەنگی (پشە سپی) دەگەڕێتەوە ، (گدی ، گدی ) بۆ بانگکردنی کارە سپی ، ( پخ ، پخ ) بۆ دورخستنەوەی کارە سپی و ( وەح ، وەح ) بۆ دوورخستنەوەی ( گا بەڵەك ) ، ( چخ ، چخ ) بۆ دوور خستنەوەی (سەگ) ،( قی ، قی ، قی ) ی بۆ دەنگی(قاز) و ( قوو ، قوو ، قوو ) ی بۆ دەنگی کەڵەباب ، (جیك ، جیك ، جیکی بۆ جوجەڵە ، ( عەلو – عەلو و علیو – علیو) ی بۆ(عەلەشیش) ، ( قغ ، قغ ، قغ ) ی بۆ(قەلە ڕەش) و ( گڤە ، گڤ ) ی بۆ با و (ڤرەڤر) ی بۆ ئۆتۆمبێل بەکارهێناوە.

9- هەروەها زۆرینەی وشە و ڕستەکانی کتێبەکەی (باڵدار) لە ڕووی مۆسیقاوە هاوئاوازن (الکلام الملحون - Cacology) . (محمدحسن باکلا و الأخرون , 1983: 9 ). لە ڕووی واتاوەش زۆرینەیان گوزارشت لە فەرهەنگی قۆناغی منداڵی دەکەن ، ئەوەش پرۆسەی فێربوونی زمان بەرە و ئاسانبوون دەبات .

**6- چەند ڕەهەندیکی سایکۆلۆژی لە کتێبەکەی(باڵدار)دا :**

کتێبی( ئەلفوبێی نوێ ) ی (باڵدار) ، جگەلە لایەنی تەکنیکی پرۆگرامسازی و زمانەوانی دەرونی هەڵگری چەندین پەیامی پەروەردەییە کە خۆیان لە چەمکەکانی (پەروەردە و فێرکردن و سەلامەتی دەرونی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و ئامۆژگاری ئاینی و مرۆڤ دۆستی و ئازارنەدانی ئاژەڵان و ڕووەکناسی و ژینگەپارێزی و پاراستنی تەندروستی و هەستی بەرپرسیارێتی و چیرۆکی خەیاڵی زانستی و داهێنان و بزواندنی بیری منداڵان و ... هتد ) ، هەموو ئەمانەش لە قالبی ژانرە ئەدەبییەکاندا بە نمونەی چیرۆکە شیعر لە قالب دراون ، کە گوزارشت لە شارەزایی ئەدەبی و جیهانبینی ئاینی (باڵدار) دەکات ، چونکە زۆر بە باشی لەوە گەیشتووە کە خوای گەورە پەیامی سەربوردە و مێژوی سەردەمی پێشینانی لە زۆربەی کتێبە ئاسمانییەکان ، بەهۆی چیرۆکەوە یاداشتکردوە . بۆیە بە پێویستی دەزانین بۆ هەریەك لەو ڕەهەندانەی سەرەوە نمونەی پراکتیکی لە کتێبەکەدا بێنینەوە ، تاوەکو نەوەی نوێ بەو پەڕی ئەمەك و شانازییەوە لە بەردەم پەیکەری ڕۆحی هەمیشە زیندوی (باڵدار) بوەستن . بۆ نمونە لە بواری پێکەوە ژیان و هاوڕێیەتی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و پێکەوەکارکردن ، نەك سەنگەر لێکگرتن ، بەڵکو (باڵدار) تەبایی و پێکەوە ژیانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە وەکو دوو هۆکاری کاریگەری کۆمەڵگە وێنادەکات ، بە جۆرێك لە کۆی حەوت کارێکتەری سەرەکی کتێبەکە کە ( دارا و نەوزاد و ئازاد و زارا و نەسرین و نازێ و زەینەب ) ە ، چوار کارێکتەری کتێبەکە لە ڕەگەزی مێینەن ، بەڵام ڕۆڵی ڕەگەزی نێرینەشی فەرامۆش نەکردووە بە جۆرێك زۆربەی کارە قورس و سەرکەشییەکانی بە ڕەگەزی نێر بەخشیوە و هەروەها حیسابی بۆ لایەنی سۆز و نەرم و نیانی مێینەش کردووە . بۆیە گرینگترین ئەو ڕەهەندە پەروەردەییانەی کتێبەکەش دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێتە ڕوو :-

1- لە بواری چالاکی منداڵاندا ، بۆ نمونە زاراوەکانی ( وازی – بلوێر لێدان – دیلانێ – مۆسیقا و ستران – یاری- دەنگی مۆسیقا ...هتد) خستۆتە ڕوو .

2- لە بواری ئازارنەدانی ئاژەڵانیشدا ، نمونەی زاراوەکانی ( پشە سپی – کارە سپی – مەل – کۆتر و ڕیشۆڵە – کەڵەباب و قاز – کەو – مەل بەستە زمانە – مرۆڤ ئازاری مەل نادات – دوو بەرخ یاری دەکەن – گابەڵەك - جووجەکان - مام ورچ – بەرخ – عەلی شیش – قەلە ڕەش- پشیلەکەم ...هتد) خستۆتە ڕوو .

3- لە بابەتی ژینگە پارێزییەوە ، (باڵدار) چەندین بابەتی بۆ تەرخانکردووە لەوانەش (تف لە سەر زەوی ناکەم - دار دەڕوێنین - داری درێژ – ئاودان - ئاوازی گوڵ - گوڵ و ڕێحانە – پاسەوانی ئەم گوڵانە دەکەم ... هتد) .

4- لە بواری ماڵداریدا ، کە ڕۆڵی ڕەگەزی مێ دەردەخات لەو بوارەدا ، بە نمونەی ( دۆی دادە – بەبەی زەینەب – کاری ناو ماڵ – نانی ساج ) کە ئاشناکردن و خۆشەویستکردنی ڕەگەزی مێیە ، بۆ کاری ئایندەی ، کە خۆی لە ( بە خێوکردنی منداڵ و ئامادەکردنی خۆراك و ...هتد ) دا دەبینێتەوە.

5- لە بواری ئامۆژگاریکردندا بە نمونەی ( بەرد نەهاوێژی – ئازاری مەل نەدەی – نزیکی بەچکە سرکەکە(جاشك) نەکەوی ... هتد) ، خاڵێکی پەروەردەیی ناوازەیە ، چونکە قۆناغی منداڵی پێویستی بە ئامۆژگاری و ئاگایی زیاترە .

6- لە بواری دەرونی و هاندانی خوێندکاران بۆ چاو نەترسی و بروا بەخۆبوون ، بۆ نمونە دەڵێت : ( دیارە ئێوە زۆر ئازان – با ئەم گوریسەت لە مل نەکەم - نەترسی) ی خستۆتە ڕوو ، نمونەی ئەو دەق و گوتنانەش لە کتێبەکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (باڵدار) پسپۆڕێکی دەرونیش بووە و زۆر بە لێزانییەوە حیسابی بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندی دەرونی لە کتێبەکەیدا کردووە ، هەر بەوەش نەوەستاوە ، بەڵکو درکی بە گرنگی پڕۆسەی فێرکردن لە ڕێگەی وێنەوە کردووە و بۆ هەر وانەیەك وشە و دەستەواژەکانی بە وێنەوە خستۆتە ڕوو ، تاوەکو زیاتر کاریگەری بابەتەکە لە مێشك و ئاوەزی خوێندکاراندا بهێڵێتەوە ، هەر ئەو کاریگەریەشە وایکردووە کە زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی بەهۆی (ئەلفوبێ) کەی (باڵدار) ەوە زمانیان ڕسکاوە و فەراژوبوون و ئەمڕۆکە لە تەمەنێکی کامڵ دان ، زۆرجاران لەبەر خۆیانەوە مۆنۆلۆگ ئاسا دەستەواژە و ڕستە جوانە ئاوازدار و هاوئاهەنگەکانی کتێبەکە دەڵێنەوە ، ئەوەش ڕەنگە لە حەز و خولیای ئەدەبی (باڵدار) ەوە سەرچاوەی گرتبێت ، چونکە کتێبەکە چەندین دەقی ئەفرێنراوی تێدایە ، کە گوزارشت لە هەستی ئیستاتیکی و شارەزایی (باڵدار) لە میتۆدەکانی نوسینی شیعر و چیرۆك دەکەن ، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی نوسینی زۆربەی بابەتەکانی کتێبەکەی بە شێوازی چیرۆکە شیعر بۆ نمونە :

| | | |
|---|---|---|
| (پشیلەكەم ) | یان | ( مۆرف ) |
| پشە خرینەی چاوكاڵ | | گف .. گف .. |
| خۆشەویستەكەی ناو ماڵ | | ئای ئازاد ، گیانە ، |
| ئەندام توكنی خاڵ خاڵ | | ئەوە بەرد دەهاوێژی بۆ ئەو كۆترانە ؟ |
| سمێڵ درێژی لووت ئاڵ | | تۆ نەتگوت ، مەل بەستە زمانە ؟ |
| بە خێر هاتی ،سەرچاومان | | برام ، مرۆف وا ناكات ، |
| جێگات چۆڵ بوو لە ناومان | | مرۆف ئازاری مەل نادات . |
| تۆ لە كوێ بووی ، پشەی جوان ؟ | | ئەمزانی ، ئەسرین گیان ، |
| بۆچی خۆت ونكرد لێمان ؟ | | ئیدی بەرد ناهاوێژم بۆیان . |

7- ڕەهەندێکی تری کتێبەکەی (باڵدار) لە بواری داهێنان و بزواندنی بیری منداڵاندایە ، بۆ نمونە ( تەیارە – فڕفڕۆکە - کۆلارە ) بیری منداڵ دەبزوێنن و چیرۆکی خەیاڵی زانستی دەئەفرێنێت ، بە تایبەتی لە چۆنیەتی چوونە ئاسمانی ئەو شتە بێ خوێن و گیانانە.
8- لە بواری پێکەوە کارکردن و گونجان ، بە نمونەی ( لەگەڵ دارا غارم بدایە - زارا و ئازاد وادەڕۆن ئاوی ئەو دوو دارە دەدەن ) لەم بارەیەوە (باڵدار) تۆوی تەبایی و یەکسانی لە ماف و جیاوازی لە ئەرك بە پێی ڕەگەز و پێکەوە ژیان لە ئاوەزی تاکی کورد هەر قۆناغی منداڵییەوە دەنەخشێنێت .

ئەوە سەرەڕایی خستنە ڕووی چەند ڕەهەندێکی گشتگیری پەروەردەیی لە کتێبەکەدا ، شایەنی باسە ئەوەی لەم کتێبە زیاتر جێگای تێڕامانە بوونی چەندین ئیعجازی زمانەوانی و خەیاڵی زانستییە کە گوزارشت لە زۆر دیاردەی سروشتی و گەردونی و مرۆڤکرد دەکەن ، هەرچەندە دەکرێ بۆ دیاردەی (توارد الخواطر) ، یان بۆ فەنتازیایی قوڵی (باڵدار) ، لە خوڵقاندنی چیرۆکی خەیاڵی زانستی بە مەبەستی بزواندنی بیری منداڵان لە ئایندەدا بگەڕێتەوە ، لە وانەش چیرۆکی (سێو) ە ، کە (ئەسرین) دەڵێت : (ئازاد سێ سێوم بۆ بەردەوە ) ، سەیری کەن دیسان ڕەگەزی مێ ڕەگەزی نێر تەفرە دەدات ! بەوەی کە لە زەویش هەر حەزی لە سێوە ، دەستەواژەی (سێ سێو) چیرۆکی ئەو سێ سێوە ناوەرۆك پڕ لە نهێنییەیە ، کە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕیوە ، کە بریتین لە:- یەکەم : سێوەکەی دایکە (حەوا ) کە بە هۆی شەیتانەوە باوکە (ئادەم) ی لە بەهەشت پێ تەفرە داوە ، سەرەنجام قەدەری مرۆڤ کەوتە هەسارەی زەوی ، دووەم : سێوەکەی (ئیسحاق نیوتن) ە ، کە یاسا بەناوبانگەکەی هێزی کێشکردنی تەنەکانی بۆ زەوی پشتڕاست کردەوە و یاسایەکی فیزیاوی ناوازەی لێکەوتەوە ، سێیەم : لۆگۆی سێوەکەی (ستیڤن جۆبز) خاوەنی کۆمپانیای ئەپڵە ، کە باس لە چیرۆکی برسییەتی خۆی دەکات لە خوێندنگە ، سەرەنجام بەرهەمی لۆگۆی سێو داهێنانێکی تەکنەلۆژی گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا دروستکرد ، لە کۆتایدا دەڵێم :-

سڵاو لە مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار
ئەلفوبێی كوردی هێنایە ژێر بار
ئەو مامۆستا و شاسواری ڕێگەی زمانە
ئەو خاوەنی سەلیقە و عیلم و عیرفانە
ئەو میراتگری (پیرەمێرد و نالی) یە
وەک (حاجی) خەمخۆری زمانی كوردییە
ئەو ساداتی تۆبەرەی ( ئەلفوبێ ) یە
ئەو باخەوانی زمانی كوردی نوێیە

**ئەنجام**

1- ئیبراهیم ئەمین باڵدار كەسایەتییەكی كارێزمای پەروەردەیی و ئەفرێنەری شاكارێكی دانسقەی ڕۆحییە ، چونكە زۆرینەی ئەو خوێندكارانەی ئەم كتێبەیان لە قۆناغی یەكەمی بنەڕەتی خوێندوە ، دوای تەواوكردنی خوێندن بەدەم كاركردنەوە لە بەرخۆوە ئاواز بۆ دەقی وانەكان دەچڕن.

2- سەلیقەیەكی زمانەوانی گشتگیر بە نوسینی (ئەلفوبێ) كەی (باڵدار) ەوە دیارە ، چونكە بڕگە و وشە و گرێ و ڕستەكانی هاوئاوازن و گوزارشت لە فەرهەنگی قۆناغی منداڵی دەكەن ، هەروەها بە شێوەیەكی گشتگیر سەرجەم ئاستەكانی زمان لە كتێبەكەدا ڕەنگیداوەتەوە و بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو لایەنی دەنگی و ڕێزمانی و واتایی و پراگماتیكی پراكتیزە كردووە .

3- كتێبەكەی (باڵدار) هەڵگری چەندین ڕەهەندی پەروەردەییە ، كە خۆیان لە چەمكەكانی ( پەروەردە و فێركردن و و ماڵداری و سەلامەتی دەروونی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی وپێكەوە ژیان و ئامۆژگاری ئاینی و مرۆڤ دۆستی و ئازارنەدانی ئاژەڵان و ڕووەكناسی و ژینگەپارێزی و سەلامەتی تەندروستی و هەستی بەرپرسیارێتی و چیرۆكی خەیاڵی زانستی و داهێنان و بزواندنی بیری منداڵان و...هتد ) دەبینێتەوە .

4- لەكتێبی(ئەلفوبێی نوێ) ی (باڵدار) دا ، بەهۆی پسپۆڕی دانەرەكەیەوە لە بواری زمانەوانی و دەروونناسیدا ، پەیوەندییەكی سایكۆفۆنۆلۆژی لەم پرۆگرامە فێركارییەدا ئەفراندووە ، بە تایبەتی لە خستنە ڕووی دەنگ و پیت و فۆنیمەكانی زمانی كوردی لە ڕیزبەندی وانەكاندا ، چونكە منداڵانی كورد سەرەتا فێری دەنگی [د] دەبن ، نەك دەنگی [س] كە وانەی یەكەمی كتێبی (خوێندنی كوردی) پێ دەست پێدەكات ، جگە لە چەند دیاردەیەكی دەنگناسی بە نمونەی ( جوتۆكە و بڕگەی كراوە و ژمارەی فۆنیمەكان و ... هتد) ، ئەم وردەكارییەش لەگەڵ سایكۆلۆژییایی ئاخاوتنی منداڵانی كورددا دەگونجێت.

**سەرچاوەكان**


**أ- بە زمانی كوردی :**

1- ئیبراهیم ئەمین باڵدار (1987) ، زەنگی كاروانی ڕێنووسی كوردی ، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی كورد – بەغدا.

2-..........(1995) ، ئەلفوبێی نوێ ، چاپی سی و سێیەم ، لە چاپكراوەكانی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان – هەولێر.

3-..........(2011) ئامادەكاری بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین (لە قۆناغی بنەڕەتیدا) ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە د.ئیبراهیم قادرمحمد ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

4- ئیبراهیم قادرمحمد(2000) گوتنەوەی ئەلفوبێ بە ڕێگای تەولیفی ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی – ژمارە 1 .

5- ئاڤێستا كەمال مەحموود(2012) پرۆسە سایكۆلۆژییەكان لە زمانی كوردیدا ، چاپخانەی لەریا - سلێمانی .

6- ئاوات ئەبوبكر ئەحمەد(2015) ، مێژووی پرۆگرامی (ئەلفوبێ ) ی كوردی ، گۆڤاری ژیار – ژمارە 15 .

7- تالیب حوسێن عەلی (2014) ، زانستی زمان و زمانی كوردی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

8- حامید فرەج (1976) ، ڕێنووسی كوردی لە سەدەیەكدا ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغدا.

9- عبدالستار طاهر شریف(1986) ، وشە و ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی 1 -6 ساڵان ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغدا.

10- ..................... (1987-1988) ، وێژەی منداڵان ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارەكانی 115- 119 ، بەغداد .
11- عەبدولواحێد موشیر مەحموود (2011) ، مێژووی خوێندن و نووسین بە زمانی كوردی ، گۆڤاری زانكۆ پرێس - ژمارە 7 .
12- عەبدولكەریمی مودەریس (2013) ، شرحی مفتاح الادب لە زانستی نەحودا ، شەرح و لێكدانەوەی : عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد ، ئەحمەد ئاوایی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ئینتیشارات شێخ – ئیران .
13- كەریم شەریف قەرەچەتانی(2002) سایكۆلۆژیای زمانی منداڵ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە -هەولێر.
14- لێژنەیەك لە وەزارەتەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا (2014) ، خوێندنی كوردی (وەرزی یەكەم – وەرزی دووەم ) ، چاپی یەكەم – بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەكان – هەولێر.
15- محمد معروف فتاح (2011) ، زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، بڵاوكراوەی ئەكادیمیایی كوردی ،چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
16- ناهیدە ڕەحمان خەلیل(2013) ، زمانێژاندن و دیاردە سایكۆ-فۆنۆلۆژییەكانی زمانی كوردی ، نامەی ماستەر ، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ سكوڵی زمانی زانكۆی سلێمانی .
17- وریاعومەرئەمین (2009) ، ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، بەرگی یەكەم ،چاپی دووەم ، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس – هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبی :

18- أحمد على كنعان (1995) ، أدب الطفل و القيم التربوية، الطبعة اولى .
19- احمد عبدالله احمد و فهيم مصطفى (2000) ، الطفل و مشكلات القرأة ، الطبعة الرابع ، دار مصرية للبنانية– قاهرة.
20- محمدحسن باكلا والأخرون (1983) ، معجم مصطلحات علم اللغة الحديث، طبعة أولى ، بيروت.

ج- بە زمانی ئینگلیزی :

21-Crystal, D. (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Black well publishing ; UK.
22-Kormos,J(2006) Speech production and Language Acquisition .Lawrence Erlbaum Associates, New Jersey.

**ملخص**

هذه الدراسه الموسومه بـ (( تقيم السايكو- فونولوجى على كتاب (الالفوالباء الجديدة) لـلاستاذ (أبراهيم أمين بالدار)) وحدود البحث ضم الهجة الكرمانجية الوسطى, لذا نماذج البحث المطلوبة حسب فقرات الموضوع قد حللت وفق هذه اللهجة بطريقة (التحليل- التقابلي)،لان هذا النتاج قوّمت بمپل برامج تعليم الالف والباء فى اللغة الكردية مع برامج أخرى موضوعة قبل وبعد هذا البرنامج لتعليم الالف والباء في اللغة الكردية. ولذ قسّمنا البحث فى ستة مباحث : المبحث الاول عبارة عن مقدمة للبحث ، والمبحث الثاني عرض ملخص تأريخي لـ (الفباء) في اللغة، والمبحث الثالث يبحث عن دور (بالدار) لـبرامج (الفباء) فى اللغة الكردية، ويحاول الباحث فى المبحث الرابع البحث عن الظواهر السايكوفونولوجية في نمو اللغة عند الاطفال، وفي المبحث الخامس يحاول الباحث توضيح بعض الابعاد الصوتية حسب النماذج المطلوبة فى كتاب (بالدار) و في المبحث السادس والاخير يحاول الباحث عرض بعض الابعاد سايكولوجية حسب النماذج المطلوبة في كتاب (بالدار) حسب بعض الابعاد التعميميه التربوية.

**Abstract**

This study is titled "A Psycho-Phonological Evaluation of the text book (Aleph u Bei New) by (Ibrahim Amin Baldar). The scope of the research is the dialect of Central Kurdish (Sorani). Therefore, the examples provided in this research within this scope are analysed according to (Contrastive-Analytic) method. This program is evaluated in the light of the other programs preceding or following it. Accordingly, this study is divided into six sections: Section One is an introduction to the topic. Section Two demonstrates an overview of the historical background of Alphabet. Section Three gives a brief account of the history of the programs of Alphabet in Kurdish language. Section Four is dedicated to the Psycho-Phonological phenomena in child language acquisition. Section Five some sound specialties in Baldar's book were explained. In section sex some psychological specialties in Baldar's book were bring out. According a number of general educational aspects in (Aleph u Bei New) explained through a number of relevant examples.